زانکۆی سەلاحەدین – هەولێر

Salahaddin University – Erbil

# (فەلسەفەی یاسا لای ئەفلاتون)

ئەم توێژینەوەیە پێشکەش بە سەرۆکایەتی بەشی( فەلسەفە) کراوە، وەک بەشێک لە پێداویستیەکانی بەدەستهێنانی بروانامەی بەکالۆریۆس لە زانستی (فەلسەفە)


**ئامادەکراوە لە لایەن:**

**خیلان مغدید حمد**

**بەسەرپەرشتی:**

**م.بەدرخان عبدالله**


**٢٠٢٤ز**

# پێشکەش

ئەم توێژینەوەیە پێشکەشە بە :

- ✓ دایک و باوکم کەوا هەردەم پاڵنەر و ڕێنیشاندەرم بوونە بۆ درێژەدان بە خوێندن.
- ✓ پێشکەش بە هاوسەرەکەم دەکەم.
- ✓ پێشکەش دەکەم بە هەموو ئەوانەی خولیای فەلسەفەن و بەدوایدا وێڵن.
- ✓ پێشکەشە بە سەرپەرشتیاری توێژینەوەکەم (م.بەدرخان) کەوا زۆر ماندوو بوو لەگەڵم.
- ✓ سەرۆکایەتی بەشی فەلسەفە و مامۆستا بەڕێزەکان.

## سوپاس و پێزانین

- ❖ سوپاس بۆ خودای گەورە کە توانای پێبەخشیم بۆ تەواوکردنی توێژینەوەکەم.
- ❖ سوپاس بۆ دایک و باوکی خۆشەویستم و هاوسەرەکەم، کە هەموویان یارمەتیدەرم بوونە و پشت و پەنا بوینە بۆم.
- ❖ سوپاسی (م.بەدرخان) سەرپەرشتیاری توێژینەوەکەم دەکەم، کە ئەرک و ماندوو بوونێکی زۆری لەگەڵ کێشام بۆ تەواوکردنی توێژینەوەکەم.
- ❖ سوپاس بۆ هەموو ئەو کەسانەی کە یارمەتیان دام ئەگەر بە وشەیەکیش بێت.

# ناوەرۆک


| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| پێشکەشکردن | I |
| سوپاس و پێزانین | II |
| هێما کورتکراوەکان | III |
| پێشەکی | ١-٢ |
| بەشی یەکەم/ | |
| تەوەری یەکەم: گرنگترین ڕەهەندەکانی توێژینەوە. | |
| تەوەری دووەم: پێناسەی چەمکەکانی فەلسەفە. | |
| بەشی دووەم/ | |
| تەوەری یەکەم: ژیانی ئەفلاتون | |
| تەوەری دووەم: هزری ئەفلاتون | |
| بەشی سێیەم/ | |
| تەوەری یەکەم: یاسای سروشتی لای ئەفلاتون | |
| تەوەری دووەم: ئاکار و سیاسەت و دادپەروەری دەوڵەت | |
| بەشی چوارەم/ ئەفلاتون و ڕەخنەگرتن | |
| تەوەری یەکەم: سۆفستەکان | |
| تەوەری دووەم: سوقرات | |
| | |

# پێشەکی

فەلسەفەی یاسا دەربڕی روحی یاسایە لە میانەی بۆچونی فەیلەسوفەکاندا دەتوانین زیاتر بچینە ناو یاسا زیاتر لە بنج و بناوانی و ئەرکەکانی یاساکان بکۆڵینەوە جا ئەگەر زانستی یاسا لەبارەی یاسا دەکۆڵێتەوە ئەمە لە کاتێکدایە کە فەلسەفەی یاسا لەو بوارە لە یاساکان دەکۆڵێتەوە کە دەبێت وابێت، لێرەدا جیاوازی نێوان زانستی یاساو فەلسەفەی یاسا دەردەکەوێت، لە میانەی ئەو جیاوازیەدا گرنگی یاسا دەردەکەوێت، کە ئەمەش لەوەدا بەدیدەکرێت کە بابەتی یاسا دەبێتە خولیای بیرکردەوەی فەیلەسوفەکان، گرنگی ئەم باسە لەوەدا دەردەکەوێت کە هەرچەند لە ڕووی زانستی یاساوە لە یاساکان بکۆڵدرێتەوە ناکرێت فەرامۆشی شیکردنەوەی فەلسەفەی یاسا بکرێت بەڵکو لە میانەی تێڕوانینی فەلسەفیانەوە زیاتر لە یاساکان قوڵببینەوە ڕەوشەکانیان بخەینەڕوو، بۆ ئەو باسە پێویست دەکات پلانی لێکۆڵینەوەکە بەسەر چوار تەوەر دابەش بکرێت، تەوەری یەکەم تایبەت بە ژیان و هزری ئەفلاتون  لقی یەکەم ژیانی ئەفلاتون لقی دووەم هزری ئەفلاتون تەوەری دووەم ئاکار و سیاسەت و دادپەروەری، لقی یەکەم تایبەت بە سیاسەتی ئەفلاتون لقی دووەم دادپەروەری، تەوەری سێیەم تایبەت بە فەلسەفە و دەستور و یاسا، تەوەری چوارەم تایبەتە بەبۆچونی ئەفلاتون و ڕەخنەکان.

## بەشی یەکەم/

### تەوەری یەکەم: گرنگترین ڕەهەندەکانی توێژینەوە

١- گرنگی و هۆکاری هەڵبژاردنی توێژینەوە

گرنگی ئەم باس و توێژینەوەیە لەوەدایە باسکردنی فەلسەفەی یاسا لای فەیلەسوفێکی وەکو ئەفلاتوون بۆ ئەوەی هێڵە سەرەکیەکانی بۆچوونی ئەم فەیلەسوفە لەم بوارەدا دەست نیشان بکەین، تاوەکو بەبنەما سەرەکیەکانی گەشەکردنی فەلسەفەی یاساو بۆچونەکانی ئەم فەیلەسوفە دەربارەی ماهیەتی یاسا ئاشنا بکەین.

٢- ئامانجی توێژینەوە

خستنەڕووی گرنگی و هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم بابەتە لە دیاریکردنی ئامانجەکەی نزیکمان دەکاتەوە، چونکە ئامانجی ئەم توێژینەوە لەوەدا دەردەکەوێت کەلەمیانەی خوێندنەوەی دەقە فەلسەفیە جیاجیاکانی ئەفلاتوون هەوڵدەدەین فەلسفەی یاسا لە میانەی توێژینەوەیەکی ئەکادیمی بە زمانی کوردی پێشکەش بکەین.

٣- میتۆدی توێژینەوە

میتۆدی پەیڕەوکراو لەم لێکۆڵینەوەدا میتۆدی شیکاریە کە تێیدا تێزە جیاجیاکانی فەلسەی ئەفلاتون دەربارەی سیاسەت و ئاکار و فەزیلەتەکانی دادپەروەری کە پێویستت بە فەلسەفەی یاسا شیدەکاتەوە.

٤- گرفتی توێژینەوە

گرفتی توێژینەوە دەربارەی فەلسەفەی یاسا لای ئەفلاتوون خۆی لەوە دەبینێتەوە کە ئەم فەیلەسوفە ڕاستەوخۆ وەکو بابەتێکی سەربەخۆ باسی فەلسەفەی یاسای نەکردووە، بەڵکو لێکۆڵەر لەم بوارەدا دەبێت لەمیانەی تێزە جیاجیاکان ئەم فەیلەسوفوفە دەربارەی سیستەمی حوکمڕانی ئاکار و دادپەروەری.

## تەوەری دووەم: دیاریکردنی چەمکە سەرەکییەکانی توێژینەوە

١- فەلسەفە:

لەپێناسەکردنی چەمکی فەلسەفەدا چەندین پێناسەی جیاواز و زۆر بەرچاو دەکەون و بۆیە فەلسەفە تاکە پێناسەی دیاریکراوی تایبەت بەخۆی نیە لەبەر ئەوەی هیچ یەکێک لە فەیلەسوفەکان بیروڕایان وەک یەک نەبووە، هەر فەیلەسوفێک بەپێی بیروڕا و سەردەم و شێوازی ڕێبازەکەی خۆی پێناسەی بۆ فەلسەفە کردووە، بۆیە توێژەر هەوڵ دەدات چەند پێناسەیەک لەسەر چەمکی فەلسەفە بخاتە پێش چاومان وەک ئەمانەی لای خوارەوە:

- فەلسەفە ژیری نیە بەڵکو عیشقە بەژیری و فەیلەسوف پەیوەستە بە ژیری بەدوای ژیری و دانایدا دەگەڕیت فەلسەفە ژیانی ئەندێشەیە فەلسەفە پرسیار لە بوون و زانستە بەو شتانەی بوونیان هەیە، فەلسەفە ڕۆیشتنی درێژخایەن و بەردەوام لەڕێگابوندایە.
  فەلسەفە یەکێکە لە لقە تایبتەکانی زانیارییەکانی مرۆڤ (کۆمەڵە نووسەر، ٢٠١٦: ٥)

هەروەها گەر بێبین لەڕووی زاراوەوە پێناسەی فەلسەفە بکەین:-

وشەی فەلسەفە وشەیەکی یۆنانیە لە دوو کەرت پێکهاتووە، وەک

فیلۆ Philo (بە واتای حەزکردن)

سۆفیا Sophy (بە واتای دانایی)

کەوا بوو وشەکە بەهەردوو کەرتیەوە مانای حەزکردن لە دانایی دەبەخشێت، ئەو کەسەش حەز لە دانایی بکات پێی دەوترێ فەیلەسوف.(عەزیز. ٢٠٠٨، ل١٨)

لەپێناسەیەکی دیکەدا بۆ چەمکی فەلسەفە هاتووە کە فەلسەفە زانستێکی ڕادیکالیە لەبەر ئەوەی لە ڕیشە دەکۆڵێتەوە فەلسەفە تەشەنە دەکات لایانە شاراوەکەی ڕاستیەکان ز لە بنەماکان دەکۆڵێتەوە بە لێکدانەوەی لاوەکی ڕازی نابێت، دەکرێت بڵێین فەیلەسوف ناڕازییەکی هەمیشەییە کە ئەو هیچ کاتێک بە لیکدانەوەی کلێشەدارەکان نابێت دەتوانین بڵێین ئەو وەک منداڵیک وایە کە بەردەوام دەپرسێت بۆچی؟ فەیلەسوف بەهەمان ڕادەی کە لەبەرامبەر شتە نائاساییەکان تووشی سەرسوڕمان دەبێت،

ئێمە هەمووومان دەبینین خۆر چۆن ئاوا دەبێت، بەڵام فەیلەسوف لەوەدل تووشی سەرسوڕمان دەبێتەوە! ئایە یاسای زەروورییەت بەسەر سروشتدا زاڵە (د.کاکی، ٢٠١٣ :٣٣)

فەلسەفە جیهانبینیەکی ژیرەکیە چالاکیە تیۆریە لە ڕێگای بیرکردنەوە و سەرنجدانی هۆشیارانەی ڕێبازەکەیەوە هەوڵ دەدات، جەوهەر و ڕاستەقینەی شت نەک ڕواڵەت دوا هۆ نەک هۆی نزیکی قەومانی شت بزانی وەڵامی ئەو پرسیارانە و کێشانە بدۆزێتەوە وەک لە بەسەرهات و ڕووداوەکانی ژیان دەکەونەوە وەک گرێ کوێرە و کۆسپ دێتە بەرچاو یاخوود هەر نەبی وەک پاکانە لێکیان بداتەوە (عزیز، ٢٠٠٤ : ٩)

٢- یاسا: بریتییە لە کۆمەڵە ڕێسایەکی ڕەفتاری گشتی پوخت کە بۆ ڕێکخستنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان لەنێوان کەسەکان دانراونو سزایەکی مادیشی لەگەڵدایە کە دەسەڵاتی گشتی بەسەر هەموو کەسێکی دەسەپێنێ کە سەرپێچی بکات.(بکری و بشیر، ٢٠١٧، ل١٩)

٣- فەلسەفەی یاسا: تایبەتە بە لێکۆڵینەوەی یاسا لەلایەنە گشتییەکان بەدوای بنەما یەکەمەکانی دا دەگەڕێت، بەبێ ئەوەی بچنە نێو تایبەتمەندی یاسایەکی نیشتیمانی دیاریکراو.(عبدالله، ٢٠٠٤، ل١٠).

فەلسەفەی یاسا لەبارەی بنەما سەرەتاییەکانی و بیرورا گشتیەکانی یاسا دەکۆڵێتەوە،هەروەکو هەر فەلسەفەیەکی تر بریتییە لە گرنگی دان بە یاسا لایەنە جیهانیەکانی و لایەنە گشتیەکانەوە، واتە تەنها لێکۆڵینەوەی تایبەت بە یاسای نیشتیمانێکی دیاریکراو ناکات، بەڵکو درێژ دەبێتەوە بۆ ئەو هاوبەشییەی لەنێوان سیستەمە یاساییەکادا هەیە، چونکە یاسا تەنها دیاردەیەکی نیشتیمانی بێگەرد نیە، بەڵکو لەهەموو شتێک دیاردەیەکی مرۆڤایەتی یە، ئەوەش مانای ئەوەیە کە فەلسەفەی یاسا بنچینەکانی لەخۆوە دەگرێت، ئەویش پرسیاری لەخۆی دەکات بۆچی بریاردان لە فلان کێشەی دا بەم جۆرە بوو؟ و لەبەر ئەوەش گوتراوە کە فەلسەفەی یاسا بریتیە لەو زانستەی دەبی وابی.(هەمان سەرچاوەی سەرەوە)

## بەشی دووەم/ تەوەری یەکەم: ژیانی ئەفلاتون

ئەفلاتون ناوی تەواوی ئەرستۆکلیسە (Aristo Kles) لە دوورگەی ئەجینا (Agena) کە نزیک شاری ئەسینایە لە ساڵی ٤٢٧ پێش زاین لە خێزانێکی خانەدان و ئەرستۆکراسی لەدایک بووە (سیوەیلی، ٢٠١٦: ل٢٤).

لەبەر ئەوە نازناوی ئەفلاتونی پێدراوە چونکە خاوەن جەستەیەکی بەهێز و ناوشان ئەستور و سینگ پان بووە باوکی ئەفلاتون ناوی ئەریستۆن بوو کە یەکێک بوە لە پیاوە حەکیمەکانی سەردەمی خۆی (ئەمین، محمد، ١٩٧٠: ل٦٢).

باوکی ئەفلاتون (ئەریستۆن) بە بنەچە بۆ خێزانی یەکێک لە پاشاکانی ئەسینا و دایکیشی کە ناوی (پێرستیۆن) بووە بۆ خێزانی سۆلۆن یاسا سازی گەورەی یۆنان دەگەڕێتەوە، دوو برا گەورەکەی ئەفلاتون کە ناویان ئەدیمەنتۆس و گلاوکۆن بووە پاڵەوانی دیالۆگی (کۆمار)ی ئەفلاتونن و لەگەڵ سوکراتدا لەسەر کێشەی دادوەری دەکەونە گفتوگۆ.

ئەفلاتون خوشکێکی بە ناوی (پۆتۆن) هەبووە. ئێمە زۆر لەبارەی خوشکەکەیەوە نازانین ئەوەندە نەبێت کە کوڕەکەی پۆتۆن (سپیۆ سیپۆس) زۆر لە ئەفلاتونی خاڵیەوە نزیک بووە یەکێکیش بووە لەو خوێندکارانەی لە ئەکادیمیا خوێندویەتی و پاش مردنی ئەفلاتونیش ئەکادیمیای بەڕێوەبردووە. ناوی ئەم بیریارە (ئەرستۆکلیس)ە و (ئەفلاتون) نازناویەتی کە واتای کەسێکی چوارشانە و کەتە دەبەخشێت. ئەمەش پەیوەندی بە کەڵەگەتی و چوارشانەیی ئەفلاتون هەبووە. گوایە فێرکەری زۆرانبازیەکەی ئەم ناوەی لێناوە تەنانەت کەڵەگەتی و هێزی لەش ئەفلاتوونی هانداوە بۆ ماوەیەک زۆرانبازیش بکات بەڵام کەسایەتیەکەی پێچەوانەی قەوارەی لەشیەوە بوو. کەسێکی نەرم و لەسەرخۆ و دەنگ نزم بوو ئەفلاتون تەمەنی دووساڵی دەبێ باوکی دەمرێت دایکی شوو بە خاڵی خۆی دەکات کە (پیریلەمپیس)ە دەکات و لەم مێردەی کوڕێکی دەبێت (کمال، ٢٠١٠: ٧-٩).

ئەفلاتون لە ماتماتیک ژمێرە ئەندازە زۆر شارەزابوو تەنانەت لەسەر دەرگای ئەکادیمیاکەی نوسیبوی هەر کەسێ ئەندازیار نەبێ بانێ بۆلامان ئەفلاتون سەرەڕای شانازی کردنی بە شت و ڕەچەڵەک و ڕەگەزیەوە شانازی بەوە کردوە کە قوتابی سوکرات بووە، بۆیە لەم بارەیەوە گوتویەتی خوایە سوپاست دەکەم چونکە یۆنانی ڕەگەزمە و بێبەری نیم پیاوم و ئافرەت نیم، بەڵام لە هەموویات پتر سوپاست دەکەم چونکە لە سەردەمی سوکرات لەدایک بووم (عزیز، ٢٠١٢: ل١٣٧).

ئەفلاتون بە درێژایی ٨٠ ساڵەی ژیاوە چوار جار لە ئەسینا چۆتە دەرەوە ژیانێکی سەخت ژیاوە، (٣) ساڵی پێش لەدایکبوونی واتا ساڵی ٤٣١ شاری ئەسینا و سپارتا ڕووبەڕووی شەڕێکی زۆر خوێناوی بونەتەوە بەرامبەر یەکتری کە ئەم شەڕە نزیکەی ٢٧ ساڵی خایاندوە شەڕەکە ناوی لێنراوە (پیلۆپۆنیسیا) ساڵی ٤٠٤ پ.ز ئەسینا بنکەی شارستانیەت بوو، بەڵام تووشی ڕوخان و شکستی گەورەبوو بەرامبەر سپارتەکان ئەو کاتەی ئەسینا ڕوخێنرا ئەفلاتون تەمەنی ٢٣ ساڵ بووە ئەم تێکشکانە ڕامیاری و سەربازیەی ئەسینای بینیوە لەگەڵ بڵاوبونەوەی هەژاری و پەتا هەموو ئەمانە کاریگەری ڕاستەوخۆی هەبووە لەسەر بیرکردنەوەی ئەفلاتون تەنانەت ئەم ڕووداوانە ئەفلاتونیان بە ئاڕاستەی سیاسی پەلکێشاوە، ئەنجام ئەو دیالۆگەی ناوکۆماری لێکەوتەوە کە هەلوێستێکە ڕەخنەگرانەیە بەرامبەر ڕژێمی ئەو سەردەمە (سدیق، ٢٠١٥: ٧١-٧٢).

## بەرهەمەکانی:

بە پێچەوانەی فەیلەسوفەکانی پێشووەوە دەستی ڕۆژگار نەیتوانی زەفەر بە نوسینەکانی حەکیمی ئیلاهی بەرێت و بەرهەمەکانی بە تەواوی ماونەتەوە بەرهەمەکانی ئەفلاتوون بە تێکڕای لەسەر شێوەی دیالۆگ و گفتوگۆ و دەمەتەقێن و سێ جۆرە هونەریان تێدا بە دیدەکرێت کە ئەمانەن:

١- دراما

٢- موناقەشە ... (ووتوێژ)

٣- شیکردنەوە و باسکردن و لێکۆڵینەوە.

لە یەکەمەکاندا شوێن و دۆخ و زروف و قسەکەران دیاری دەکات و نوکتە و ڕووداوی وا باس دەکات کە شێوەی ڕیالیستیانەی پێ ئەبەخشێ.

لە دووەمیشدا مەسەلەیەکی تایبەتی موناقەشە دەکات و لە سێیەمیشدا قسەی بەشداربوان و کێشەکە لە بنەڕەتدا شیدەکاتەوە ئینجا ئەگاتە ئەنجام ...

**بەرهەمەکانی ئەفلاتوون بە تێکڕایی ئەکرێن بە چوار بەشەوە:**

یەکەم: ئەو دیالۆگانەی پێش گەڵاڵەکردنی تیۆری نمونەی بەرز داناون وەک دیفاعی سوکرات، پرۆتاگۆراس، گورگیاس، مینون.

دووەم: ئەو بەرهەمانەی سەرەتایی باسی تیۆری نموونوی بەرز ئەکەن (میوانی، فیدون، کۆمار، فایدروس).

سێیەم: ئەو بەرهەمانەی تێیاندا ئاوڕێک لەبەرهەمەکانی پێشووی ئەداتەوە ڕەخنەیان لێئەگرێ و دەستکارییان ئەکات: (تیاتیتۆس، پارمەنیدس، سۆفساتیی، سیاس).

چوارەم: ئەو بەرهەمانەش بە کاملی دوا وێنەو و ڕوخساری ڕێبازەکەی نیشان دەدەن: (تیماوس، ئەکریتاس، تانون). فەلسەفەی ئەفلاتون لە دەریایەکی قوڵ دەچێت لە چەند سەرچاوەیەکەوە ئاوەکەی هەڵدەقوڵێ و لقەکانی ئەچنەوە سەر دەریاکە .... ڕێبازەکەی ئەفلاتون لەلایەکەوە پوختە و ئەنجامی فەلسەفەکانی پێش خۆیەتی و بلیمەت و شارەزا و وردەکارییانە بژاریان دەکات و جارێکی تر بە مۆرکێکی تایبەتی دایان ئەڕێژێتەوە (لە فەلسەفەی ئەفلاتوندا شوێنەواری فیتا گۆراس و بارمەندیس و

هیراکلیتس و سوکرات) بەدی دەکرێت. لە فیتاگۆراسەوە بڕوابوون بە نەمری گیان و ژیانی دونیای تر و بایەخدانی بە ژمێرە وەرگرتووە. وە لە پارمەندیس ئەو ڕایەی کە دەڵێ جیهاتی هەست پێکراو ئەگۆڕێ ساتێک لەسەر یەک شێوە نامێنێ. بەهۆی سوکراتیشەوە بایەخی بە کێشەکانی ئاکارداوە و لە بەرهەمەکانیدا بەشێکی تایبەتی بۆ تەرخانکردووە، ئەگەر بە گشتی سەرنجی ناوەڕۆکی بەرهەمەکانی حەکیمی ئیلاهی بدەین بۆمان دەردەکەوێت فەلسەفەکەی لەم لقانە پێکهاتووە:

- تیۆری زانین.
- بوون گەردوون.
- تیۆری نمونەی بەرز.
- نەفس و دەروون.
- کۆمار. (عزیز، ٢٠١٢ : ١٣٨-١٣٩)

## بەشی دووەم/ تەوەری دووەم: هزری ئەفلاتون

هەروەک ئاشکرایە کە بەرهەمەکانی ئەفلاتون بەشێوەی گفتوگۆ نوسراون ئەوەش دیارە پەیوەندی بە شێوەی بیرکردنەوەی فەلسەفەی یۆنانییەکان بە گشتی و ئەفلاتون بە تایبەتی هەیە، ئەو فەیلەسوفە پێی وابو لەمیانەی گفتوگۆکان دەتوانین بەڕاستی بگەین، ئەوە لەمیانەی گفتوگۆکاندا ویستویەتی فەلسەفە لە شێوەی ژیان و جوڵەیەکی بەردەوام پێشکەش بکات (سیوەیلی، ٢٠٠٩: ل٤١).

لە ڕاستیدا دواتر ئەو دەربارەی هیرمنیوتیکا (علم التأويل) چونکە ئەی فەیلەسوفە پێی وایە هیرمنیوتیکا لە بنەڕەتدا سروشتێکی گفتوگۆی هەیە (غالب، ١٩٧٩: ل١٢-١٤).

سەبارەت بە هزری ئەفلاتون دوو بۆچون لە ئارادان، یەکەمیان پێی وایە ئەفلاتون لە گفتوگۆکانیدا بیرو بۆچونەکانی سوقراتی مامۆستای دەخاتەڕوو بۆخۆی خاوەنی فەلسەفە و هزرێکی تەواو نیە، دووەمیان پێی وایە ئەم فەیلەسوفە خاوەن هزرێکی تایبەتە لە ڕاستیدا لەبەر ئەوەی سوقرات هیچ نوسینێکی لە دوای خۆی جێنەهێشتووە لەبەر ئەوە لەوانەیە کارێکی ئاسان نەبێ هزری ئەفلاتون لە هزری سوقرات جیابکەینەوە (کەمال، ٢٠١٠:ل ١١٨).

کۆمار دەگەڕێتەوە بۆ دیالۆگەکانی قۆناغی ناوەڕاستی ژیانی ئەو دوو دیالۆگەی قۆناغی دواتر واتە سیاسەتمەندار و یاساکان زیاتر تۆکمەیی ئەندێشە سیاسیەکانی دەردەخەن یەکێک لە پرسیارە بنەڕەتیەکانی سیاسەتمەندار ئەوەیە کە ئایا دەبێت دوا بڕیار لای تاک خۆی بێت تاکێک کە ڕەنگدانەوەی توانای فەرمانڕەواییە یان یاسا؟ ئەفلاتون پێی وایە بمانەوێ و نەمانەوێ یاساکان ناکاملن زۆر گشتگیرتر لەوەن کە بتوانن بەو جۆرەی کە دەبێ و پێویستە دەرەقەتی ئالۆزیەتیەکانی ژیان بێن لەبەر ئەوەش کە وەستاون و بێ جوڵەن ناتوانن خۆیان لەگەڵ بارودۆخ و هەلومەرجە بگۆڕەکاندا بگونجێنن، بەڕای ئەو وا باشتر دەبێ کە فەرمان بە دەستی کەسێکی پسپۆڕ بێ ڕەنگە ئەفلاتون هێشتا سیاسەتمەنداری یۆتۆپیای وەک کەسێک بزانێت کە بە شێوەیەکی ناوازە دەستی بە حەقیقەتە نەمرەکان دەگات هەرچەند بۆچونێکی هەڵەیە ئەگەر پێمان وابێت ئەندێشەکانی ئەو سەبارەت بە ئایدیاکان بەو شێوەیەی کە لە کۆمار و دیالۆگەکانی دیکەی قۆناغەکانی ناوەڕاستی ژیانیدا پێیانەوە خەریک بووە وەک خۆیان بە دەستلێنەدراوی دەمێننەوە.

کتێبی قەبری یاساکان وەک لە ناوەکەیەوە دیارە یاسا و دەزگا گەلێک دەخاتە ڕوو کە مەگنێزیایان پێ بەڕێوە دەبرێت بە هەموو وردەکارییەکانیەوە پێداگری تایبەتیان لەسەر یاسا و دەزگا فێرکاری و

پەروەردەیەکان هەندێک کەس پێیان وایە ئەفلاتون ویستویەتی کتێبی یاساکان جۆرە ڕێنیشاندەرێک بێت ئیلهام بەخشی سیاسەتمەنداران و ڕەنگە بۆ وتنەوە لە ئەکادیمیادا لەوانەشە وەها بێت پێگەیاندنی سیاسەتمەنداران تاقە ئەرکی ئەکادیمیا بوو نەک گرینگترین ئەرکی (ڕێد هێد و ئەرشیفی، ٢٠١٦: ل ٥٠).

بەڕای ئەفلاتون دەوڵەت تەنیا بۆ گەمەی سیاسی و بەرژەوەندی سیاسی نیە بەڵکو لێپرسینەوەی ئاکاریشی دەکەوێتە سەر پێویستە بەختەوەری و ئاسودەیی بۆ هاوڵاتیان مسۆگەر بکات بۆ ئەم مسۆگەریە دەوڵەت پێویستی بە یاسادانان هەیە یاسا دانەریش دەبێت لە کەسایەتی زانا و ئاقڵ پێکبهێنرێ کە بیر لە بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان نەکەنەوە لەم ڕوانگەیەوە پێی وابووە کە پێویستە فەیلەسوفان سەرداری وڵات بن چونکی فەیلەسوفان کەسانی زیرەک و زانا و خاوەن عەقڵن ئەوەندە بە تەنگ خەمی خۆیانەوە نین زیاتر لە خەمی بەرژەوەندی گشتی دان (ئەفلاتون، ٢٠٠٥: ل٧٠).

ئارەزووی کردنی شانۆی هەبوو کە سوکراتی بینی شەیدای بیر و بۆچونەکانی بوو ڕووی لە فەلسەفە و دوانکرد ڕووی لە نوسینی شانۆ نامەکرد بەڵام کە سوکراتی ناسی شەیدای بوو هەموو شتێکی بووە شاگردی ئەو (وەسمان، ٢٠١٣: ل٣٩).

## بەشی سێیەم/ تەوەری یەکەم

## یاسای سروشتی و دادپەروەری لای ئەفلاتون

لە میانەی وردبوونەوە لە بۆچوونەکانی ئەفلاتون لە گفتوگۆکانیدا، بەتایبەتی لە کتێبی کۆماردا دەبێت باسی ئەو چەمکانە بکەین کە پەیوەندیان بە فەلسەفەی یاسای ئەفلاتونەوە هەیە، وەکو یاسای سروشتی و دادپەروەری و ئاکار و فەرمانڕەوایی و سیاسەت.

### جێباسی یەکەم: یاسای سروشتی

ئەفلاتون بە پێی فەلسەفە ئایدیالیزمییەکەی خۆی سەیری یاسا و دادپەروەری کردووە، کە پێیوایە ئەو ئەزمونە ڕاستەوخۆیانەی لە ڕێگای هەستەکانمانەوە زانیاریمان پێدەگەیەنن، زانیاری ڕاستیقینە نینە و تەواو ڕاست نینە، لای ئەفلاتون تەنیا فەیلەسوف و زاناکان دەتوانن بە حەقیقەتە ڕاستەقینەکان بگەن. دادپەروەری ئەفلاتونی تا ڕادەیەک ئەبستراکتییە و هەموو کەسێک باش لێی حاڵی نابێت، مەگەر تەنیا فەیلەسوفەکان نەبێت، ئەم جۆرە دادپەروەریەش تەنیا لە دەوڵەتێکی نمونەیی کە تەنیا فەیلەسوفەکان فەرمانڕەوایی دەکەن دێتە دی، ئەو دادپەروەرییەی یاسای دەوڵەتەکان باسی لێوە دەکەن، تەنیا سێبەری ئەو دادپەروەرییەیە کە ئەفلاتون لە دەوڵەتێکی نمونەییدا دەیدۆزێتەوە، لێرەدا دەردەکەوێت کە لە بۆچونەکانی ئەفلاتون دەربارەی یاساو دادپەروەری ئەو جۆرە ڕێزگرتنەی سوقراتی مامۆستای بۆ یاساکان بەدی ناکرێت. دینیس لوید پێی وایە ئەفلاتون باوەڕی بە بیرۆکە دادپەروەری نەبووە، کە شێوازێکی یاسایی بێت سروشت دایڕشتبێت و یاسادانەریش و پەیڕەوی بکات. (کەمال، ٢٠١٠: ل١٨).

بەڵام لە ڕاستیدا ئەو خەسڵەتانەی کە ئایدیاڵ یاخود بیرۆکەی نمونەیی ئەفلاتون هەیەتی، دەکرێت بە هەمان خەسڵەتەکانی یاسای سروشتی بچوێندرێت، لەبەر ئەوە لەو خەسڵەتانەی کە لە ئایدیاڵی ئەفلاتوندا بەرچاو دەکەون، دەتوانین لە خەسڵەتەکانی بیرۆکەی یاسای سروشتی بەدیان بکەین، وەکو ئەم خەسلەتانە:

١- ئایدیاڵ ڕاگەزەکانە، واتە بنچینەی شتەکانە.
٢- گشتگیریە
٣- چەند مانایەکی ئەبستراکتی- ڕووتی هەیە.

٤- هەمیشەییە و بە کات و شوێن دیاری ناکرێت
٥- کاملەو کەم کوڕی تێدا نیە
٦- مەعقولە و عەقڵ دەرکی پێدەکات.

بۆچونەکانی ئەفلاتون دەربارەی یاساکانی مرۆڤ کە لایەنێکی سروشتی هەیە، واتا بنچینەی دروست بوونی یاساکان دەگەڕێتەوە بۆ بیرۆکەی یاسای سروشتی گەردونی، هەروەها لە دەرەنجامی بۆ چوونی ئەفلاتون دەربارەی جیهاتی ئایدیاڵ دا دەردەکەوێت کە ئەو فەیلەسوفە بانگەشەی بیرۆکەی یاسایەکی سروشتی میتافیزیکی دەکان، چونکە سروشت لای ئەفلاتون جیهانی ئایدیاڵە، یاخود جیهانی هیزری میتافیزیکییە، کە جەوهەری شتەکانە، دۆزینەوەی ئەم جەوهەرەش پێویست بە لێوردبونەوەیەکی رۆحانی دەکات، تاکو رۆح بتوانێت جەوهەری شتەکان کە ئەیاڵە بناسێت، دیارە ئەم بۆچونەی ئەفلاتون دەربارەی یاسای سروشتی میتافیزیکی لە ئاکامی بێ ئومێدبونیەتی لەو بارودۆخە سیاسییەی سەردەمی ئەودا کە یۆنان پێیدا تێپەڕ دەبوو و بانگەشەی دیموکراسی دەکرا، ئەو دیموکراسییەی حوکمی مەرگی بەسەر سوکراتی مامۆستاکەی ئەفلاتونی دا، جا لەبەر ئەوە ئەفلاتون بە دوای جیهانێکی نمونەیی- ئایدیالی دەگەڕا، کە لەسەر زەویدا بەدەستی نەدەهێنا، هەر لەو چوارچێوەیەشدا بەدوای دادپەروەریدا دەگەڕا. لەبەر ئەوە دادپەروەری لای ئەو جیاواز بوو لەگەڵ لەگەڵ یاساکانی مرۆڤ لەسەر زەویدا، بەڵام لەبەر ئەوەی دادپەروەری ئایدیالی لەسەر زەویدا بە دەست نەدەهات و ئامادەیی نەبوو، ئیتر دەبوایە بەم جۆرە سەیری یاسا بەرکاران بکات، کە لاسایی کەرەوەی دادپەروەری ڕاستەقینەن. هەر لەم سۆنگەیەشەوە ئەو کۆمارەی ئەفلاتون بانگەشەی بۆ دەکرد ئامانجێک نەبوو کە دەبێت بێتە دی. (عبدالحمید، ٢٠٠٢: ل١٢٠).

## جێباسی دووەم: ئاکار و سیاسەت و دادپەروەری و دەوڵەت

تیۆرزەکردنی ئاکار لای ئەفلاتون لە میانەی بەرپەرچدانەوەی فەلسەفەی سۆفستەکان دەربارەی ئاکار ئەنجام دەدرێت. چونکە سۆفستەکان پێیان وابوو کە ئاکار بە پێی کات و شوێن و بارودۆخ دەگۆڕێت و جێگیر نییە و هیچ سەرچاوەیەکی خواوەندی نیە، بەڵکە سەرچاوەکەی پەیمان و ڕێککەوتنی نێوان خەڵکە، دواجاریش لەم بۆچونەی سۆفستەکان دەرەنجامی ئەوەی لێدەکەوێتەوە کە ماف بۆ بەهێزەکانە و ژیانیش بە پێی سروشتە نەک بە پێی نەریت، چێژ و چاکەش یەک شتن، چونکە خولیاو کۆشی چاکە بەدوای چێژدایە، نەک چێژ بەدوای چاکە، واتا ئەو شتانەی کە چێژمان پێدەبەخشن ئەوانە چاکەن، بەڵام ئەو کارانەی ئازارمان پێدەگەیەن خراپەن هەرشتێک ئارەزوەکانمان تێربکەن چاکەن. دیارە ئەم بۆچونانەی سۆفستەکان زیاتر خولیای تاکخوازانە و پێداگرتن لە ئازادی تاک و دەرچوون بوو لە مێگەلی. جا فەلسەفەی ئاکاری ئەفلاتونی ڕێک دژ و پێچەوانەی ئەم فەلسەفەیەی سۆفستەکان بوو، لەمیانەی ڕەخنە گرتن لەو بۆچونانەی سۆفستەکاندا فەلسەفەی ئاکاری ئەفلاتونی بەرچاو دەکەوێت، کە ئەمەش بە شێوەیەکی گشتی ئەفلاتون لە میانەی گفتوگۆکانی سوقراتی لەگەڵ سۆفستاییەکاندا دەخاتە ڕوو.

جا ئەگەر سیاسەت لای یۆنانی کۆندا شێوازێکی تازە بوبێت لە بیرکردنەوە و هەست کردن بە جیهان و ژینگەی دەوروبەری مرۆڤ، لەسەر ڕووی هەموشیانەوە هەوڵێک بوبێت بۆ پەیوەندی کردن لە تەک کەسانی دەوروبەردا، ئەوە سیاسەت لای ئەفلاتون وەک زانستێک، مەزنترین و قورسترین زانستێکە کە مرۆڤ بە دەستی دەهێنێت. جەوهەری سیاسەتیش لای ئەو لەوە دایە کە فەیلەسوفێک ببێتە فەرمان ڕەواو حوکمی دەوڵەت بکات، واتا هەموو دەسەڵاتەکانی دەوڵەت لەژێر دەسەڵاتی ئەو دابێت، تاکو دەستەبەری هێز و شکۆمەندی دەوڵەت بکات. هەر لەم سۆنگەیەشەوە ئەفلاتون رەخنەی لە دیموکراسی دەگرت، کە ئەو ئامانجەی نە دەپێکا و بە سیستەمێکی گەندەڵی دادەنا، چونکە گێرە شوێنی لە دەوڵەتدا دروست دەکات. (بدوی، ١٩٧٥: ل١٠).

ئاکار کۆمەڵە ڕێسایەکی ڕەفتاری مرۆڤە کە دەشێت بە پەیرەوکردنیان مرۆڤ بە ئامانجی خۆی بگات، کەواتە ئاکار و مانای ڕەفتار و کردەوەی مرۆڤەکان دەگەیەنێت، جا کردەوە و ڕەفتاری خراپ بێت یاخود چاک، هەروەها ئاکار مانای داب ە نەریت و پرێنسیپەکانی ژیانیش دەگەیەنێت، چونکە ئاکار

بەشێکە لە بیروڕاو هەڵسوکەوتی مرۆڤەکان لە کۆمەڵگادا، بەو پێیەی ئاکار بەو بایەخە مرۆڤانەیە دەگوترێت کە بۆکۆنترۆڵکردنی هەڵسوکەوتی مرۆڤ لە ئارادایە و هەروەها بنەمای جیاکردنەوەی کردەوەی باشە لە کردەوە خراپەکاندا.

ئاکار-ئەخلاق- و سیاسەت دوو بابەتی پەیوەندیدارن، لای ئەفلاتونیش ئەم دووبابەتە زۆر بەیەکترەوە پەیوەستن، لە گفتوگۆیەکانی ناو کتێبی کۆماریدا هەرکاتێک باس لە سیاسەت دەکرێت، لەگەڵیدا مەسەلەی ئاکاریش قسە و باسی لەسەر دەکرێت، بەرچاوترین بابەتەکانی ئاکاریش پەیوەندی بە دادپەروەریەوە هەیە. لە ڕاستیدا دادپەروەری چەن پەیوەندی بە ئاکارەوە هەیە ئەوەندەش پەیوەندی بە سیاسەتەوە هەیە، ئەمەش بە ڕوونی دەردەکەوێت لە میانەی خستنە ڕووی هزری ئەفلاتون دەربارەی (چاکەی نمونەیی)، کە بابەت گەلێکە لە لوتکەی تیۆری ئایدیالی ئەو فەیلەسوفەدا شوێنێکی بەرچاوی هەیە. لێکۆڵینەوە لای ئەفلاتون قسەو باسێکە دەربارەی چاکە خوازی، کاتێک لەبواری سیاسەتدا لە هزری ئەو فەیلەسوفە دەکۆڵینەوە، بەو بۆچونە دەگەین کی سیاسەت بەدەستهێنانی چاکەکاریە لە فراوانترین بواردا کە ئەویش دەوڵەتە. (شمس الدین، ١٩٩٠: ل١١٢).

لە ڕاستیدا ئەو دەوڵەتەی ئەفلاتون بانگەشەی بۆ دەکات دەوڵەتێکە لە بنەڕەتدا دادپەروەری دایدەمەزرێنێت، ئەو دەوڵەتەی کە وێنەیەکی گەورەکراوە تاکە، لەبەر ئەوەی ئامانجی ئاکار دەوڵەتە نەک تاک، بە مانایەکی دیکە تاک وێنەیەکی بچوککراوەی دەوڵەتە، ئەو دەوڵەتەش پەیکەرێکی گەورەی ئەو تاکەیە، لەبەر ئەوەی ئەو هێزەی کە تاک بە قسە دەهێنێت، کە عەقڵەکەیەتی، مەزنترین هێزە ئەو تاکەیە، لەبەر ئەوەشە کە دەبێت فەلسەفەی هێزی ڕاستەقینە بێت کە دەوڵەت ئاراستە دەکات، واتا پێویستە سەرۆکی دەوڵەت فەیلەسوف بێت. لەبەر ئەوەی دادپەروەری لە تاک و لە دەوڵەتدا بەدی نایەت مەگەر عەقڵ یاخود حیکمەت و ژیری باڵا دەست نەبێت.

لە سەرەتای کتێبی کۆماردا ئەفلاتون، پێش ئەوەی باس لە کۆمارەکەی بکات یاخود پێش ئەوەی نەخشەی شارە نمونەییەکەیبخاتە ڕوو، لە کتێبی یەکەمدا سەرەتا باسی دادپەروەری دەکات، ئەمەش وەک ئەمیل بورهییە بۆی دەچێت، بەو پییەی ئەفلاتون بانگەشە کاری ئاکارە، هەروەکو مامۆستاکەی سوقرات، کەمتر وەک ڕیفۆرم خوازی سیاسی خۆی دەنوێنێت، ئەفلاتون باس لەوە دەکات کە دەبێت مرۆڤ دادچەروەر بێت و ڕەچاوی پیادەکردنی یاساکان بکات، تاوەکو بەختەوەر بێت، دواتریش ئەوە دەسەلمێنێت کە هەر تەنیا فەیلەسوف دەتوانێت دادپەروەرانە یاساکان جێبەجێ بکات.

لەو گفتوکۆیەی کە کەساەتی سوکرات لە سەرەتای کتێبی کۆماری ئەفلاتوندا لەگەڵ سۆفستەکان دەربارەی دادپەروەری دەیکات، هەمان تێڕوانینی ئەفلاتون دەردەخات، کە ڕەخنە لە بۆچونی تاکخوازانەی سۆفستەکان دەگرێت سەبارەت بە دادپەروەری، دوای گفتوگۆیەکی زۆر لە کتێبی چوارەمی کۆماردا بۆچوونەکانی ئەفلاتون سەبارەت بە دادپەروەری بە تەواوی دەردەکەون، کە ئەویش بریتیە لەوەی کە هەر کەسێک بە پێی تایبەتکاری خۆی ئیشەکانی خۆی بکات ئەوەیە دادپەروەری: شێوەی سادەی دادپەروەری ئەوەیە کە ئەوەی بۆ پێڵاودورین دروست بووە، دەبێت هەتا مابێت پێڵاو بدورێت، جگە لەو ئیشە نابێت خۆی سەرقاڵی هیچ پیشەیەکی تر بکات یان بیری لێبکاتەوە، دارتاشیش دەبێت هەر دارتاشی بکات و هەموو کەسێکی تریش دەبێت کاری تایبەت بە پیشەکەی خۆی ئەنجام بدات. (الؤید، ١٩٨١: ل٩٢).

لە راستیدا دادپەروەری لای فەفلاتون دوو لایەنی هەیە، یەکەمیان لایەنی ناوەکییە و لایەنی دیکەیان دەرەکیە: دیارە لایەنە ناوەکیەکە پەیوەندی بە خودی مرۆڤەوە هەیە، کە بەهۆی کارکردنی هەریەک لە ئەندامەکانی لەشی بە ئەرکی خۆیان تەبایی و هۆرمۆنیەک بۆ کەسایەتی مرۆڤەکەوە دەهێننەدی، بەو پێیە دادپەروەری ناوەکی جۆرێکە لە هاوسەنگی، واتا مرۆڤ لە حاڵەتێکی هاوسەنگە وایە لەگەڵ خودی خۆیدا و زۆر تەبایە، ئەمەش هێزێکی ڕۆحی مرۆڤە کە یەکەم هاوسەنگی بەدی دەهێنێت، ئەمەش وا دەخوازێت کە هەر یەکێک لە ئەندامەکانی جەستەی بەکاری خۆیان هەڵبستن، پیاوی دادپەروەر کەسێکە ناهێڵێت هیچ بەشێک لە بەشەکانی روحی کاری بەشەکانی تر ئەنجام بدات، واتا نابێت هەموو بەشەکانی لەشی دەستێوەردان لە کاری یەکتر بکەن، بەڵکو هەمیشە لە بیری ئەوەدا بن هەر بەشێک کارێک کە بە ڕاستی ئەرکی ئەوە ئەنجامی بدات. مرۆڤ تەنها بەم شێوەیە بەسەر خۆیدا زاڵ بێت و لە دەروونی خۆیدا سیستەمێک بەرقەرار بکات و لەگەڵ خۆیدا کەسێکی دۆست و سازگار بێت و هەر سێ بەشی ڕۆحی خۆی لەگەڵ یەکتر هەماهەنگ بکات هەروەکو هەر سێ نەغمەکەی مۆسیقا. دیارە لێرەدا ئەفلاتوون مەبەستی لە هەر سێ بەشەکەی ڕۆحی مرۆڤ سەر و دڵ و حەزوئارەزووەکان، سەر جێگاری عەقڵ و ژیریە و دڵ و سینگ هەڵگری هێز و بازو و پاراستنی لەشە، شوێنی تورەییە، حەزوئارەزوکان و ئیشتیهای مرۆڤیش هەڵقولاوی زیندویەتی مرۆڤە. (غالب، ١٣-١٤).

لە ڕووی دەرەکییەوە دادپەروەری لای ئەفلاتون لەناو کۆمەڵگادایە، کە بە جەستەی مرۆڤی دەچوێنێت. لە کۆمەڵگاشدا بە پێی پۆلینکاری ئەفلاتوون سێ چین هەنە، چینی فەیلەسوف و چینی

سەرباز و پاڵەوانەکان، چینی کرێکار و پیشەوارەکان. فەیلەسوفەکان ئەرکیان بیرکردەوە و یاسادانان و دیاریکردنی پیویستیەکانە کۆمەڵگایە، چینی سەرباز و پاسەوانەکان ئەرکیان پاراستنی کۆمەڵگاو دەوڵەتەکەیانە لە هێرشی دەرەکی دوژمان و کپکردنی توڕەیی، چینی کرێکاران و پیشەوەران ئەرکیان بەرهەمهێنانی پێداویستیەکانی کۆمەڵگایە، واتا تێرکردنی ئارەزووەکان.

دادپەروەری لە میانەی هەردوو رووی ناوەکی و دەرەکی مانای تەواوی خۆی دەگەیەنێت، کاتێک جەستەی مرۆڤ بە جەستەی کۆمەلایەتی دەبەستێتەوە:

١- سەر: شوینیئەقلی بەڕێوەبردنی کۆمەڵگایە، کە ئەفلاتون پێی وایە دەبیت فەیلەسوف و حەکیمەکان کۆمەڵگا بەڕێوەببەن.

٢- دڵ: سنگ شوێنی دڵە لە جەستیە مرۆڤدا، لە کۆمەڵگادا سنگ ئەو سەرباز و سوپایانەن کە بەرەنگاری دوڤمن دەبنەوە و ویستی هاولاتیان بەرجەستە دەکەن و ئاسایشی ولات دەپارێزن. (کریم، ٢٠١٢: ل٨١).

## بەشی چوارەم/ ئەفلاتون و ڕەخنەگرتن

زۆربەی بۆچونەکانی ئەفلاتون لە میانەی ڕەخنەگرتن لە سۆفستایەکان دەخەسنەڕوو، لە لایەکی دیکەشەوە ئەفلاتوون لەژێر کاریگەری فەلسەفەی سوکرات دابوو.

### تەوەری یەکەم: سۆفستەکان

فەلسەفەی سۆفستەکان قۆناغێکی نوێیە لە فەلسەفەی یۆنانیدا، وشەی سۆفست لە یۆنانیدا مانای مامۆستا یاخود پیاوی زانست دەگەیێت، ئەگەرچی سۆفستەکان وەکو فیساگۆرسییەکان و ئایۆتانییەکان خاوەن ڕێووازێکی فەلسەفی تۆکمە نەبوونە، بەڵام ئەوەی سۆفستەکانی کۆکردۆتەوە ئەوە بووە کە پیشەی مامۆستاییان هەبووە و بە بەرامبەر واتە بە پارە خەلکیان فێری زانست و زانیارییەکان کردووە، کە ئەمەش وایکردووە لای خەلک خۆشەویست و پەسەند نەن، بابەتەکانی وانەکانیان پەیوەندی بە ژیانی خەڵکەوە هەبوەوە بابەتی پراکتیکی بوونە و بابەتی تیۆری نەبوونە، وەکو ڕەوانبێژی و زانستی سیاسەت و مێژوو و بیرکاری و زانستی سروشتی، لەبەر ئەوە سۆفستەکان زیاتر پەنایان بۆ بابەتی پراکتیکی بردوە، خۆیان بەو مەسەلانە خەریک نەکردووە، کە بەدوای ڕاستیە نەمرییەکاندا بگەڕێن، دەکرێت لە چوارچێوەیی گشتی بۆچونی فەیلەسوفەکانی سۆفستەکان باس لە فەلسەفەی یاسا بکەین.(نصری، ١٣٨٩، ل٨)

پرۆتاگۆرس (٤٨٠-٤١٠ پ.ز) بەناوبانگترین فەیلەسوفی سۆفستاییەکان بووە، پێی وابوو مەسەلەی بوون و نەبوونی خواوەند مەسەلەیەکی هێندە ئاسان نییە قسەو باسی لەسەر بکرێت و تێی بگەین، چونکە بابەتێکی زۆر تەمومژاوییە، هەورەها ئەو فەیلەسوفە بەو قسەیەش ناسراوە کە دەربڕی پوختە فەلسەفەی سۆفستەکانە کە گوتویەتی: مرۆڤ پێوەری هەموو شتێکە ئەم بۆچونەش سەرجەم فەلسەفەی سۆفستەکانی لەسەر بنیادنراوە، بە تایبەتیش لە بواری سیاسەت و ئاکار و یاسادا، جا بە پێی بۆچوونی ئەم فەیلەسوفە و سەرجەم بۆچوون و بەرژەوەندی کەسەکان دەگۆڕیت، هیچ ڕێسایەکی گشتی لەم بوارەدا نییە کە هەموو کەسەکان بچنە ژێر ڕکێفییەوە، بەڵکو هەموو شتێک پەیوەندی بە هەست و بیرکردنەوەی کەسەکان هەیە و بەپێی کەسەکان دەگۆڕێت، سەبارەت بە دادپەروەری و یەکسانیش بە هەمان شێوە سۆفستەکان پێیان وایە یاسایەکی گشتی لەو بوارەدا لە ئارادا نییە، یاخوود دادپەروەرییەکی گشتی لە ئارادا نییە هەروەک خەڵک وای بۆ دەچن، یاساکانی دەوڵەتیش لە لایەن بێ هێزەکانەوە دانراوە تاوەکو بەهێزەکان بخەنە ژێر ڕکێفی خۆیان و سامان و

بەرهەمەکانیان بخۆن، جا لەبەر ئەوە ئەگەر مرۆڤ هێزی هەبوو دەتوانێت لە یاساکان دەربچێت بەبێ ئەوەی سزا بدرێت، چونکە پێیان وایە هێز یاسایە، نەوەک یاسا هێز بیت.(غولامی، ٢٠١٣، ل٢٧٩)

فەلسەفەی سزا بەدوای ئامانجی سزادا دەگەڕیت، بەپێی فەلسەفەی سزا لەلای سۆفستەکان بە تایبەت لای پرۆتاگۆرس، پێویست نات بۆ هەر تاوانێک سزا دا بنرێت، لەبەر ئەوەی پێیان وایە ئامانجی سزادان بۆ داهاتووە، پرۆتاگۆرس وای بۆ دەچێت کە چەمکی (سزا بۆ داهاتوو) ئەوە دەگەینێت کە تاوانبارەکە لە داهاتوودا تاوانەکە دووبارە نەکاتەوە، یان بۆ ئەوەی کەسانی دیکە پەندی لێ وەربگرن و تاوان ئەنجام نەدەن، بۆ هێنانەدی ئەم مەبەستەش پێویستە چاکسازی تاوانبارەکە لەڕیگای فێرکردن و پەروەردەکردنەوە ئەنجام بدرێت، پێویستە سزا بۆ پێشگرتن لە تاوان بێت.(لویس بودان، ١٩٨٣، ل١٩)

سۆفستەکان کە وەک شتەکانی دیکە سەیری یاسایان دەکرد بە بابەتێکی ڕێژەییان دادەنا، چونکە پێیان وابوو لە هەر کۆمەڵگایەک یاسا بە شێوەیەکە و هیچ کامیان ناکرێت لەوی دیکە دروستر بێت، مەبەستی سۆفستەکان و بە تایبەتی پرۆتاگۆرس لە یاسا بەکارهاتن و کارامەبوونی یاسا بوو، نەک جوان بوون و یان دروستبوونی ئەو یاسایانە. هەر لەم بوارەشدا جیاوازی لەنێوان دوو چەمکی فۆزیس – سروشت physis– و نۆمۆس- یاساnomos- کراوە،لای سۆفستەکان فۆزیس سەرچاوەی هەموو شتە چاکەکانە و یەکگرتنی مرۆڤەکان، بەڵام نۆمۆس – یاسا یان هونەر و یاسای دەستکردی دەبنە سەرچاوەی لەناوچوونی سروشت ، لای سۆفستەکان نۆمۆس سەرچاوەی بەرتەسککردن و لاوازکردنی مرۆڤایەتییە.

دیارە ئەم هەڵوێستە نا هەموارەی لە فەلسەفەی یاسای سۆفستەکان دەرکەوتەی سیاسی و کۆمەڵایەتی خراپی لێ دەکەوێتە و پیادەکردنی گێرەشێوێنی سیاسی و کۆمەڵایەتی دروست دەکات، لەبەر ئەوە لە نووسیەکانی ئەفلاتوون ڕەخنەیان ئاراستە دەکرێت، تەنانەت ئەو ڕەخنانە لە ناو مێژووی فەلسەفەدا توانیوە بە درێژایی زیاتر لە دوو هەزار ساڵ، باڵا دەست بێت و ببێتە پێوەری تێڕوانینی باوی چاخەکان لەسەر بەرهەنی سۆفیستەکان. (کواریە، ٢٠٢٣، ل٣٦)

لەبەر ئەوە هەرچەندە ئەگەر سۆفستەکان لەبیرکردنەوەی هزری نوێدا برەویان پێدرابێت، بەڵام لەبواری فەلسەفەی یاسادا  لەلایەن ئەفلاتوون و رەخنەی زۆریان ئاراستە دەکریت، هەروەکو چۆن لە گفتوگۆکانی سوقرات لە کتێبی یەکەم و دووەمی کۆماردا تێبینی دەکرێت.

## تەوەری دووەم: سوقرات

زۆربەی ئەو لێکۆلەرەوانەی لە هزری یۆنانیان کۆڵیوەتەوە، کە دێنە سەر باسی سوقرات (٤٦٩-٣٩٩ پ.ز) ئەگەرچی بە فەیلەسوفێکی گرنگی دادەنێن، تا ئەو ڕادەیەی کە فەلسەفەی یۆنانیان دابەشکردووە بۆ پێش سوقرات و دوای سوقرات، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا وەک کێشەیەکی گرنگ لە مەسەلەی سوقراتی ڕووبەڕوویان دەبێتەوە، ئەویش نەبوونی نوسینێکی سوقرات خۆی دەربارەی فەلسەفەکەی، ئەمەش وەک کێشەیەکی سوقراتی باسی لێوەدەکرێت، چوار سەرچاوە باس لە بیرو بۆچونەکانی سوقرات دەکەن، کە بریتین لە ئەکسینفون و ئەفلاتون و ئەرستۆفانس و ئەرستۆ. بەڵام دیارە گرنگترین ئەو سەرچاوانەی باسی هزری سوقراتیان کردووە هەردوو قوتابیەکەی ئەکسینفون و ئەفلاتونە، بەڵام ئەفلاتون زیاتر بە شێوەی گفتوگۆ هزری سوقراتی باسکردووە، هەندێک وای بۆ دەچن کە ئەفلاتون بۆچونەکانی خۆی لەگەڵ بۆچونەکانی سوقرات ئاوێنەی یەکتر کردووە، جورج ردیبوش لە کتێبەکەی لەسەر سوقرات لە میانەی خوێندنەوەی گفتوگۆکانی ئەفلاتون لەسەر سوقرات باس لە سوقراتێکی دیکە دەکات کە گفتوگۆ لەگەڵ سوقراتی ڕاستەقینە دەکات. جان توشار و چەند نووسەرێک لە کتێبەکەیاندا لەسەر مێژووی هزری سیاسی لە جیانی سوقرات باس لە هزری سیاسی ئەفلاتون دەکەن، لەبەر ئەوەی پێیان وایە کە هزری سوقرات لە میانەی هزری ئەفلاتونەوە باسی لێوەکراوە. (جورج ردیبوش، ٢٠١٤، ل١٩)

هەرچۆنێک بیت لە میانەی ئەو نوسینانەی کە باسی سوقرات دەکەن، دەردەکەوێت کە فەلسەفەی یاسای سوقرات بە پێچەوانەی فەلسەفەی یاسای سوفستەکانە، چونکە یاسا لای سوقرات پلەوپایەکی بەرزی هەبوە، ئەو پێی وابووە یاسا بنچینەی پەروەردە و سەقامگیرییە، هەروەها سەرچاوەی فەزیلەتی مرۆڤەکانە. سوقرات باسی دوو جۆر یاسا دەکات، یەکەم: یاسای نەنوسراو کە یاسایەکە لە لایەن خواوەندەوە داندراوە و سزاشی بۆ سەرپێچکەرانی داناوە. دووەم: یاسای نوسراو، کە لەلایەن مرۆڤەوە داندراوە و نووسراوەتەوە، بەڵام سەرچاوەکەی ئەمەش بۆ خواوەند دەگەڕێتەوە. کەواتە سوقرات باوەڕی بە یاسای سروشتی هەبووە کە سەرچاوەکەی خواوەندە.(خاتەمی، ٢٠١٣، ل٢٠٩)

لای سوقرات دادپەروەریش فەزیلەتی مرۆڤەکانە، هەر کاتێک دادپەروەری هەبێت مرۆڤ هەست بە بەختەوەری دەکات، مرۆڤ بە عەقلی دەرک بە ڕێساکانی دادپەروەری نمونەیی دەکات، دەبێت ڕێزی لێ بگیرێت، هەروەک ئەو یاسایانەی کە مرۆڤ دایدەنێت، دەبی ڕیزی لێ بگیرێت، ئەگەر یاساکە

خراپیش بێت، چونکە ڕیزنەگرتنی یاسا دەبێتە هۆی ئەوەی هاوڵاتی خراپ و سەرەڕۆش ڕێز لە یاسا نەگرێت.(الخفاجی، ٢٠١٦، ٣١٥)

هەروەک لەو گفتوگۆیانەی سوقرات کە ئەفلاتون باسیان لێوە دەکات، دەردەکەوێت کە ئەم فەیلەسوفە گرنگییەکی زۆری بە دادپەروەری و ئەخلاق و ڕیزگرتنی یاساکان داوە، لای سوقرات یاسا نوسراو بێت و لەپێناو هێنانەدی ئاشتی و بەختەوەری شار لەلایەن مرۆڤەکانەوە دانرابێت، یاخوود یاسای نەنوسراوبێت لە ویستی خواوەندەوە هاتبێت، ئەم یاسایانە هەموویان ڕاستیەکی جێگیرن و بە میرات ماونەتەوە و دەبێت پارێزگارییان لێ بکرێت و دەستکارییان نەکریت و ئاڵوگۆڕییان پێ نەکرێت، چونکە یاساکان لای سوقرات نیشانەی عەقڵن.(کە مال، ٢٠١٦، ل٢٥)

ئەو عەقڵەی کە پێویستە لە ئارادابێ هەتاکو ێرەشێوێنی ڕوونەدات و کۆمەڵگا ڕێکبخرێت. ئەمەش وا دەخوازێت کە یاساکان پەیڕەو بکرێن و نابێت زانا سەرپێچی لەو یاسایانە بکات و دژی ئەو یاسایانە بوەستێتەوە کە بە میرات بۆ شارەکە ماوەتەوە، چونکە سەرپێچیکردنیان دەبێتە هۆی وێرانبوونی شارەکە و هەرەسهێنانی. یاسای سەقامگیر و تەواو لای سوقرات وەکو حەقیقەتی ماتماتیکی وایە و بەپێی گۆڕانگاری کات و شوێن گۆڕانکاری بەسەر دا نایەت، هەروەها ئەو یاسایە نەنووسراوانەی کە خواوەند داناون، هەر تایبەت نینە بە شارێکی دیاریکراو یاخود بە کاتێکی دیاریکراو، چونکە یاسای گشتگیرن و لای هەموو کەس ناسراون، ئەوەی لەو یاسایانەدا هاتووە دادپەروەری خواوەندییە، کە پەیڕەوکردنی کارێکی پیرۆزە، هەروەها دەستدرێژیکردنە سەر ئەو یاسایانە خراپەکاری لێ دەکەوێتەوە، ئەو کەسە لە بەرامبەر خواوەند تاوانبار دەبێت و ڕووبەڕووی زیانێکی زۆر دەبیتەوە، چونکە چونکە ئەو یاسایانە لە ناوەڕۆکییاندا سزای خواوەندییان تێدایە، لەم جۆرە یاسایانەش، ەکو چاکەکاری لەگەڵ دایک و باوک و ڕیزگرتنی خواوەند و هاوسەرگیری نەکردن لەگەڵ ئەوانەی پلەی خزمایەتییان نزیکە، سوقرات پیی وایە کە ڕوگ و ڕیشەی ئەو یاسایانە بۆ خواوەند دەگەڕێتەوە و خواوەند داناون، و یەکەمین یاساش لای خەڵک ئەوەیە کە خواوەند بپەرستن.(امین، ١٩٧٠، ل٦٢)

دەوڵەمەندی هزری سوقرات و ئەو بیروبۆچوونانەی لەبەرگریکردنەکەی لە خۆی لە دادگایکرنەکەیدا دەریدەبڕێت و ڕیزگرتنی لە یاساکانی دەوڵەتشار بە قبوڵکردنی فەرمانی کوشتنی، وای لە نوسەرێکی وەک ڕامین جەهانبەگلو کردووە، کە سوقرات لە ڕیزی هزرمەندانی هزری ناتوندو تیڤی دابنێت چونکە سوقرات وەک هاوڵاتییەک ژیان هەڵدەبژێرێت و بەرەو پێشوازیکردن لە مەرگ

هـەنگاو دەنێـت، پـەیڕەوکردنی لـە یاسـا نیشـانەی پابەندبوونیـەتی بـە چـەمکی دادپـەروەری، کـە بـە بۆچوونی سوقرات ئەم پابەندبوونە تەنیا لەڕێگەی ناتوندوتیژییەوە ڕەوایە. هەر ئەم نوسەرە پێی وایە پرسیارە فەلسەفیەکەی سوقرات لە سیاسەت، لـە دڵی ژیانی هـزری مـرۆڤ جێگیر بـووە، لەبـەر ئـەوە هەڵسەنگاندنەوەی دووبارەی سـوقرات لـە دەلاقـەی نووسـینەکانی ئـەفلاتون و ئەکسـینفونەوە تـەنیا بـە شێک لە سوقراتی مێژووییمان پێ دەناسێنێت، بەڵام گرنگ ئەوەیە لەسـەرووی سـوقراتی ئەفلاتونیـەوە سـەیر بکـەین و جـەخت لەسـەر فەلسـەفە مـەدەنی و ڕەخنەگرتنەکـەی بکەینـەوە، کـە بنـەما و بنچینـەی ئـەرکی ڕۆشـنبیری گشـتییە لـە مێـژووی بیرکردنـەوەدا. بـەم جـۆرە دەتـوانین بڵێین سـاتی سـوقراتی بەرگری فەلسـەفی لە هەمبەر بێمانایی سیاسەت یا دەسەڵاتخوازی فیکردا، نمونەیەکە کە سـەدان جار لەمێژووی هزردا دووبارە دەبێتەوە.

کەواتە دەکرێت پوختەی فەلسەفەی یاسا لای سوقرات لـەوەدا بـەدی دەکرێت، کـە بـاوەڕی بـە یاسـای سروشتی هەیە کە سەرچاوەکەی خواوەندە و ئەو پێی وایـە ڕێزگرتنـی یاسـاکانی دەوڵـەتشـارە ئـەرکی هەموو هاوڵاتیانە، پێویستە مرۆڤ تێبکۆشـێت بۆ ئـەوەی یاسـاکان پیادەبکرێن، کۆمەڵگایـەکی ئـارام و دوور لە توندوتیژی بێتەکایەوە، سوقرات خۆشی دەبێتە پێشـەنگی ئـەو ڕێزگرتن و پیادەکردنـەی یاسـا ئەگـەر چی باجەکەشـی نۆشـتنی ژەهرەکە بێت کـە بەخشـینی ژیـانی خۆییـەتی و پێشـوازی لـە مـەرگ دەکات لەدوای دادگاییکردنی بە حوکمی مەرگ لە ساڵی ٣٩٩ پێش زایین.(ئەفلاتون، ٢٠١١، ل١٠٥١)